# مـــــانـــــــا .....؟؟؟؟

به هەموو ئەوانەی ، لە عەشق تێدە کەن ، لەپێناویدا دەمرن . بە خەزان پێشکەشە

**سەروەر کەریم**

پیاسەیەک لە تریفەو دەریایەک لەڕوانین

ئێوارەیەک لەموحبەت و گۆرانیەک لەمردن

ئیدی ئەمە حەقیقەتەو ،

بەم باڵە ئاویانەوە سەفەر بەناو دارستانیَ لە ئاگردا

ناکریَ .

منیش بچوکتر لە گۆرانیەکانی تۆ

گەورە تر لەئاسمانی مەراق وتیژڕەوتر ، لە شەپۆلی تاڤگەکانی کەنار دەریا

سەفەر بەنێو چەقۆ خوێناویەکاندا دەکەم و،

میلیشیایەک ، لەگۆرانی بۆپەنجەرەکەت جیَ دەهێڵم .

میلیشیایەک لە باخچەو ،

شەڕێک جوانتر لەخەونە پەمەییەکانی عەشق ..

لەم هەواری سەرابەدا بۆتۆ جیَ دەهێڵم

ئەمەش دواهەمین سەفەری مردنە و،

یەکەمین سەفەری عەشقە بەناو ڕاچەنینەکانی تۆدا .

من و تۆ هێندە بچوکین تارمایی جەستەمان ،

لەدڵۆپە بارانێکدا جێگەمان دەبێتەوە ...

جێگەیەک تەنهاو ... تەنها پێی دەوترێتماڵێک لە عەشق

ژوورێک ،کەتەنها چەتری یادەوەریەکانی تۆی تێدایە ...

ئەوەش خەونی شەیتان نی یەو ،

گەرشەیتانیش بین ، ڕەنگە هێندە منالَ بینەوە ،

بۆ قاش کردنی سێوێک بگرین .

ئێمە ،لەماناکانی سێو ناگەین ،

بۆیە عەشق نامۆیە پێمان ....

سلێمانی